# ئەسعەد رەزازی
# دەمەوێت خاوەنی دەنگی خۆم بم

**جەمالی دەلاك**

لەم رۆژانەدا یەكەم بەرهەمی خۆی كە بەناوی (شنەی خەیاڵ) بڵاو كردەوە، كە ٩ گۆرانی و پارچەیەك مۆسیقای لەخۆگرتووە.

(ئەسعەدی رەزازی) كە ساڵی (١٩٦٩) لەشاری سنە و لەخێزانێكی دەنگ خۆش لەدایك بووە، و دیبلۆمی ئەدەبیاتی لەسنە وەرگرتووە و لەساڵی (١٩٩٦)ەوە لەشاری (یۆتەبۆریی) سوید ئەژی. بەم سیدیی تازەیە یەكەم هەنگاوی بەرەو جیهانی گۆرانی وتنی كوردی هەڵهێنا.

گۆڤاری خاك بەچاكی زانی ئەم هونەرمەندە بدوێنێت و بەخوێنەرانی بناسێنێت.

ئەسعەد جگە لەگۆرانیی لە(١٧) ساڵییەوە خەریكی ئامێری مۆزیك ژەنینە و لەو بارەیەوە ئەڵێت:

((لەگەڵ دامەزراندنی (كۆمەڵەی مۆزیكی شمشاڵ) لەشاری سنە، دەستم كرد بەفێربوونی شمشاڵ لای مامۆستا (رەزا رەمزایی)، پاشان روومكردە ئامێری (تار) لای هونەرمەندان (فەرهاد مەشعوف) لەسنە و (بهرام ساعد) لەهەمەدان، و شارەزاییم لەدەهۆڵ و دایرەشدا هەیە. و لەسویدیش لای مامۆستای سویدی خۆم فێری بنەماكانی مۆزیكا و هارمۆنی كردووە لەسەر ئامێری پیانۆ و ئێستاش لەخوێندنی مۆسیقا بەردەوامم.

- لەبارەی ئەلبومە نوێیەكەوە، و هۆكاری ناونانی بە(شنەی خەیاڵ)،



ئەسعەدی رەزازی وتی:

((ئەو ناوەم لەدێڕەشیعرێكی حەزرەتی (مەولەوی) وەرگرتووە كە ئەڵێت:

روخسارت فەسڵی مەسقەڵ مدۆ وێش
وەشنۆی یا، رێز خەیاڵ مبۆ رێش

ئەم ئەلبومە ٩ گۆرانی و پارچە مۆزیكێكە و لەشیعری چەند شاعیرێك و (٦) ئاوازی خۆم بەسود وەرگرتن فۆلكلۆر و ئاوازێكی (محەمەد عارف جزیری) تیایە)).

- ئەسعەد رەزازی لەبارەی كاریگەریی هونەرمەندانیتر لەسەری، وتی:

((زۆر مۆزیكار و دەنگبێژی لێهاتوو هەستیان بزواندووم و كاریان تێكردووم.

(سەید عەلی ئەسغەری كوردستانی) نەمر یەكێكە لەوانەی كە زۆر چێژ لەدەنگ و كارەكانی ئەبینم.

هەر وەك زۆر هۆگری خۆشیی دەنگی (حەسەن زیرەك)ی نەمرم و گۆرانییەكانی مامۆستا (عەلی مەردان)یشم زۆر بەلاوە سەركەوتوون.

ئەم هونەرمەندە نەمرانە نەك لەبەرسادەیی و ساكاربوونیان، بەڵكو بەسەركەوتوویی هونەرەكەیان سنوریان بڕیوە و لای هونەرمەندانی گەلانی دراوسێی كوردیش خۆشەویستن.

پاشا مەقامەكانی (حەمەصالّح دیلان)ی نەمر و دەنگی نەمران (مامڵێ و حەسەن جەزراوی) زۆر لای من سەرنجڕاكێشن، ئینجا دەنگ و هونەری






عوسمان گێچنەیی و مەزهەری خالقی و ناسری ڕەزازیم لاخۆش و دڵگیرن.

بۆ یارمەتیدانیشم، دوو سێ مانگێك لەسەنە هونەرمەند (ئیسماعیل سابوور)یارمەتیداوم بۆ ناسینی هەندێك لەمەقامەكان لەڕێی گوێوە، لەتوركیاش هونەرمەند (موراد ئاڵتوم تاش) یارمەتی داوم بۆ شارەزابوون لەمەقامە كوردی و توركی‌یەكانی ئەوێ. لەسویدیش لەڕێی هونەرمەندی فەلەستینی (ئەحمەد خەتیب) سەرگەرمی فێربوونی مەقامە عەرەبییەكانم لەسەرئامێری عود)).

ئەسعەد كە برای بچووكی هونەرمەندی گەورە (ناسری ڕەزازی)یە، لەبارەی هونەری ناسر و كاریگەریی لەسەرخۆی وتی:

((من گوێی گۆرانیم بەدەنگی ناسری هونەرمەند كراوەتەوە، هەركات لەگەڵ هونەرمەند (فەیزی نەژاد) كاری هونەریی و پرۆڤەیان هەبووایە، لەگەڵ (مەسعود)ی برام گوێمان لێئەگرت، و ئەویش زۆرجار كە بەرنامەی هەبوایە ئەیبردینە (كۆشكی لاوان).

ئێستاش لەیادمە، كە چۆن و لەكوێ، گۆرانی (سێو پێگەیشت نەهاتی) و (وەك قومری سەربالم شینە)ی بۆ نوسیمەوە و فێری كردووم.))

- ئەسعەد هەر لەسەرەتاوە هەوڵ ئەدات خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی بێت و وەك خۆشی ئەڵێت هەر لەم یەكەم ئەلبومەوە هەوڵی بۆ ئەوەداوە:

((دیارە من و كاك ناسر لەباری ژنتیكەوە دەنگمان لەیەك نزیكە، و نمونەیەكی دڵخوازی منیشە، بەلاّم لەم كارەمدا هەوڵم داوە كەسایەتیی دەنگی خۆم پیشان بدەم و لەداڕشتنی گۆرانییەكاندا تەنیا دوای سەلیقەی خۆم و سازەكەم كەوتووم. هەرچەندە لاسایی‌كردنەوەش كارێكی هەڵە نی‌یە، بەمەرجێك هەوڵی خۆدیتنەوەی لەگەڵدابێت، جا ئەوە گوێگری شارەزایە كە ئەتوانێت بڕیاربدات كە ئایا لەو بەرهەمەدا من دەنگی خۆم دیتووەتەوە یا...نا.